مووچەی مانگی یازدەی ئابردوو خرایەسەر هەژماری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم

ئەمڕۆ سەشەممە 17ـی کانوونی یەکەمی 2024، لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵیی عێراق بە 631 ملیار و 335 ملیۆن دینار، لە کۆی تەمویلی مووچەی مانگی تشرینی دووەمی (11)ـی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، خرایەسەر هەژماری بانکیی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم لە لقی هەولێری بانکی ناوەندیی عێراق.

ئەمەش لەکاتێکدا، ئەمڕۆ سەشەممە (2024/12/15)، حکومەتی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان بەیاری دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی دا بە مانگی 10ـی ئابردوو، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو مانگ.

تا ئێستاش وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم خشتەی دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێم بە مانگی یازدە و دوازدە ئانکەیاندووە.